٢٥ فائدة في صيام

٦ شوَّال

Ba_Kurty

# ٢٥ خاڵی گرنگ سەبارەت بە

# ڕۆژووی شەشەڵان



تۆڕی زانستی بەهەشت

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە ستافی

ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی

ba8.org - walamakan.com

مافی بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله.

خوشك و برای موسڵمان : ئەم نامیلکەی بەردەستت بريتی يە لە (٢٥) خاڵی گرنگ و بەسوود سەبارەت بە ئاداب و ئەحكام و حيكمەت و پاداشت و سوودی ڕۆژووی گرتنی مانگی شەووال كە ناسراوە بە (شەشەڵان) ، داواكارين لە خوای گەورە بيكاتە جێگای سوود پێ گەياندن، وە پاداشتی هەموو ئەو كەسانەش بداتەوە كە هاوكار دەبن لە بڵاوكردنەوەی .

١- مانگی شەووال مانگێکی موبارەکە و مانگی عیبادەتکردن و خواپەرستی یە، سەرەتای مانگی حەجە، وە شەش ڕۆژ ڕۆژووگرتنی تیایە، وە قەزاکردنەوەی ئیعتیکافە بۆ ئەو کەسەی لە دەستی چووە، مانگی ژنهێنان و هاوسەرگیرییە.

٢- سوننەتە و خێرێکی گەورەیە بۆ موسڵمان شەش ڕۆژ بەڕۆژوو ببێت لە مانگی شەووال، کە ڕۆژووگرتنەکە سوننەتە و واجب نییە، فەزڵ و پاداشتی گەورەی هەیە.

٣- سەبارەت بە فەزڵی شەشەڵان هەرکەسێك شەش ڕۆژ بگرێت لە ڕۆژووی مانگی شەووال لەدوای مانگی ڕەمەزان ئەوە وەکو ئەوە وایە ساڵەکە بەڕۆژوو بووبێت، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ." [١]

واتە: هەرکەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژووبێت و پاشان شەش ڕۆژ لە مانگی شەووال بگرێت وەکو ئەوە وایە ساڵەکە هەمووی بەڕۆژوو بووبێت.

---

[١] رواه مسلم (١١٦٤)

٤- پێغەمبەری خوا ﷺ شەرحی پاداشتی ئەو ساڵەی کردووە، فەرموویەتی: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ فَشَهْرٌ بِعَشَرَةِ أَشْهُرٍ، وَصِيَامُ سِتَّةِ أَيَّامٍ بَعْدَ الْفِطْرِ [بِشهرَين] فَذَلِكَ تمَامُ صِيَامِ السَّنَةِ: "مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا"». [1]واتە: ئەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ئەو مانگە بە دە مانگ دادەنرێت، وە ڕۆژووی ئەو شەش ڕۆژەی مانگی شەووال بە دوو مانگ دادەنرێت، وەکو ئەوە وایە ساڵەکە بەڕۆژوو بووبێت: "هەرکەسێك چاکەیەك بکات ئەوە دە چاکەی بۆ دەنوسرێت".

---

[1] رواه الإمام أحمد (٢٢٤١٢)، وابن ماجة (١٧١٥)، وابن خزيمة (٢١١٥)، وصححه الألباني.

٥- ئەگەر کەسێك بڵێ ئەو شەش ڕۆژەی مانگی شەووال پاداشتەکەی دە ئەوەندەی خۆیەتی، وەکو چۆن کردەوەکانی تر پاداشتەکەی دە ئەوەندەیە، ئەی ئیتر تایبەتمەندی و جیاوازی چییە لەگەڵ ڕۆژووەکانی تر؟

وەڵام: فوقەهای حەنبەلی و شافعییەکان بە ڕاشکاوانە دەفەرموون: ڕۆژووی شەش ڕۆژ لە مانگی شەووال لە دوای مانگی ڕەمەزان، پاداشتەکەی لە ساڵەکەدا وەکو پاداشتی فەرز وایە.

## ٦- لە سوودەکانی ڕۆژووی شەشەڵان:

کەموکوڕی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان پڕدەکاتەوە، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە: "إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ، فَإِنْ انْتَقَصَ مِنْ فَرِيضَتِهِ شَيْءٌ، قَالَ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ فَيُكَمَّلَ بِهَا مَا انْتَقَصَ مِنَ الفَرِيضَةِ، ثُمَّ يَكُونُ سَائِرُ عَمَلِهِ عَلَى ذَلِكَ " (١)

---

(١) رواه أبو داود (٨٦٤), والترمذي (٤١٣), وصححه الألباني.

واتە: یەکەم لێپرسینەوە لە بەندە دەکرێت لە ڕۆژی دوایی لە کردەوەکانی لەسەر نوێژە، ئەگەر نوێژەکانی بە باشی ئەنجامدابوو ئەوا سەرکەتوو و براوەیە، وە ئەگەر نوێژەکانی کەموکورتی تیابوو ئەوا خەسارەتمەندوو دۆڕاوە، ئەگەر لە فەرزێك کەموکورتی هەبوو، خوای گەورە دەفەرمووێت: تەماشا بکەن بەندەکەم سوننەتی هەیە تا بۆی پڕبکەنەوە لەبری فەرزەکانی، پاشان هەموو کردەوەکانی بەو شێوەیە دەبێت.

(واتە : گەر کەموکورتی هەبێ لە فەرزەکان ئەوا بە سوننەتەکان بۆی پڕ دەکرێتەوە ئەگەر سوننەتی هەبێ)

٧- هەندێك لە زانایان ڕۆژووی شەشەڵانیان بە کەڕاهەت داناوە، لەترسی ئەوەی نەوەکو هەندێك لە خەڵکی بە ڕۆژووی ڕەمەزانی دابنێن.

بەڵام فەرموودەی صەحیح لەپێشترە کە شوێنی بکەوین، وە وازی لێناهێنرێت لەبەر قسەی هیچ کەسێك ئەگەر ئەو کەسە هەر کەسێك بێت، "بەرەنگار و بەرهەڵستی سوننەت مەبەرەوە تا بەڵگەیەکی تەواوت پێبێت". [١]

[١] اللجنة الدائمة (١٠/٣٩٠).

٨- دەستپێشخەری بکرێت بۆ گرتنەوەی ڕۆژووی قەرز ئەوە لەپێشترە تا ئەو قەرزەی لەسەر نەمێنێت، بۆیە هەرکەسێك ڕۆژووی قەرزی ڕەمەزانی لەسەربوو با دەستپێشخەری بکات و پەلە بکات بۆ گرتنەوەی ئەو ڕۆژانە تا قەرزەکەی لەسەر نەمێنێت، چونکە تۆ نازانی ڕەنگە ڕێگرییەک بێتە پێش لە نەخۆشی و ... دواتر نەتوانی بیگریتەوە ، وە باشتریش وایە گرتنەوەی قەرزەکە پێش بخرێت بەسەر سوننەتی شەشەڵان بەشێوەیەکی گشتی.

٩- ئەو کەسەی دەیەوێت پاداشتی تەواوی دەست بکەوێت وەکو لە فەرموودەکە هاتووە، با یەکەمجار ڕۆژووی قەرزی ڕەمەزان بگرێت پاشان ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت، ئەوەی ئاشکرابێت لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ "ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ". واتە: پاشان شەش ڕۆژ لە مانگی شەووال بگرێت.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەبێت ڕۆژووی ڕەمەزان تەواو بکات پاشان ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت، لەبەر ئەوەی فەرموودەکە نایاتەدی تا

ڕۆژووی ڕەمەزان تەواو نەبێت پاشان ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت. [(١)]

بەڵام زانای پایەبەرز شێخ (مقبل بن هادی الوادعی رحمه الله) سەبارەت بەم باسە دەفەرموێ: ئەگەر لەتوانای هەبێ ئەو ڕۆژانەی کە قەرزارە بیگرێتەوە و پاشان شەشەڵان بگرێ بەدوایدا ئەوا کارێکی باشتر و چاکترە ، بەڵام گەر نەیتوانی قەرزەکان بگرێتەوە ئەوا دەتوانێ سەرەتا شەشەڵان بگرێ ، بۆیە واش دەڵێین لەبەر ئەوەی کاتی قەزاکردنەوە کاتێکی فراوانە و وەك شەشەڵان نیە کە

---

(١) فتوى اللجنة الدائمة (٣٩٢/١٠).

کاتەکەی تەنها لە مانگی شەوالدایە و هیچ کاتێکی تری نیە ، وە سەبارەت بە کاتی قەزاکردنەوە لە عایشەوە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی :"من ڕۆژوی قەرزم نەدەگێڕایەوە مەگەر لە مانگی شەعبانی ساڵی داهاتودا نەبێ لەبەر سەرقاڵیم بە پەیامبەری خواوە (ﷺ).

١٠- دروست نییە قەرزی ڕۆژووی ڕەمەزان و شەشەڵان بە یەك نییەت بهێنرێت، هەرکەسێك ڕۆژووی شکاندبوو لە ڕەمەزان ئەوا دروست نییە بۆی بە یەك نییەت ڕۆژووی ڕەمەزان و شەشەڵان پێکەوە بگرێت .

١١- دروستە ڕۆژووی شەشەڵان بەسەر یەکەوە یان بە جیا جیا بگرێت لە مانگی شەووال، بەپێی ئەوەی بۆی ئاسانە" بەتایبەتی ئەو کەسەی میوانی دێت یان هاتووچۆی کەس و کاری دەکات بەهۆی جەژنەوە، بابەتەکە فراوانە.

١٢- دروستە بە یەك نییەت ڕۆژووی ڕۆژە سپییەکان و دوو شەممە و پێنج شەممە بگیرێت، لەگەڵ ڕۆژووی شەشەڵان، ئومێد دەکرێت پاداشتی هەردووکی دەست بکەوێت.

ئەمە بۆچوونی شێخ ئیبنو بازە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئومێد دەکرێت پاداشتی هەردووکی دەست بکەوێت، چونکە پشت ڕاست کراوەتەوە ئەوەی شەش ڕۆژەکەی شەشەڵانی گرتووە هەروەکو چۆن ڕۆژە سپییەکانی گرتووە لە مانگێکدا، وە فەزڵی خوای گەورە فراوانە.

١٣- ئەگەر کەسێک ڕۆژووگرتنەکەی ڕۆژووی شەشەڵانی کەوتە شەممەوە، ئەوا دروستە شەممەش بەڕۆژوو بێت، چونکە ئەو لەبەر ئەوە بەڕۆژوو نییە کە شەممەیە بەڵکو لەبەر ڕۆژووی شەشەڵان بەڕۆژووە.

١٤- ئەگەر کەسێك ڕۆژووی قەرزی ڕەمەزانی لەسەربوو، هەموو مانگی شەووال قەرزی ڕۆژووی ڕەمەزانی دایەوە وەکو ئافرەتێك لە زەیستانی بێت، ئەوا دەتوانێت شەشەڵان لە مانگی ذي القعدة بگرێت، وە پاداشتی ئەوەی هەیە کە لە مانگی شەووال بەڕۆژوو بووە، لەبەر ئەوەی ڕۆژوو نەگرتنەکەی بەهۆی زەرورەت و عوزرێکەوە بووە، وەکو شێخمان ئیبنو عوسەیمین فەتوای لەسەری داوە، وە شێخەکەی ئیبنو سیعدی (رحمهم الله). [(١)]

---

[(١)] الفتاوى السعدية، لاپەڕە (٢٣٠)، ومجموع الفتاوى ابن عثيمين (١٩/٢٠).

١٥- هەرکەسێك ڕۆژووی قەرزی ڕەمەزانی لەسەربێت بەبێ عوزر نەیگرێت لە مانگی شەووال، دروست نییە بۆی لە مانگی ذي القعدة ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت، وە ئەو پاداشتەی دەست ناکەوێت چونکە لەدەستی چووە بەبێ عوزر.

١٦- گرتنی ڕووژووی سوننەت لەمانگی شەعبان و مانگی شەوال وەکو نوێژی سوننەت وایە لەپێش و پاش نوێژە فەرزەکان ، بەوپێیە کەم وکوڕی و ناتەواوی لەڕۆژووی فەرز تەواو و کامل دەکات ، چونکە لەڕۆژی قیامەتدا کەموکورتی فەرزەکان بەسوننەت تەواو و کامل دەکرێن.

١٧- شێخ ابن عثیمین ڕەحمەی خوای لێ بێ دەفەرموێ : گەر وا ڕێکەوت ڕۆژووی شەشەڵان کەوتە دوو شەممە یا پێنج شەممە ئەوا پاداشتی ڕۆژووی شەشەڵان و دوو شەممە یا پێنج شەممە بەدەست دێت **گەر هەردوو نیەتەکەی لێ بهێنێت** .

**١٨- سەبارەت بە نییەت لە ڕۆژووی شەشەڵان**

شێخ ابن عثیمین ڕەحمەی خوای لێ بێ دەفەرموێ : ڕۆژووی شەشەڵان بەستراوەتەوە بەڕۆژووی ڕەمەزانەوە ، بۆیە گەر کەسێک نیەت نەهێنێت لەشەودا و تەنها لە کاتی نیوەڕۆدا نیەت بهێنێ ئەوا پاداشتی تەواوی بۆ نانوسرێت .

١٩- سەبارەت بە حیکمەت لە ڕۆژووی شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال (شەشەڵان) ئیبنو ڕەجەب (بەڕەحمەت بێت) فەرموویەتی : دوبارە ڕۆژووگرتن لەپاش مانگی ڕەمەزان کۆمەڵێک سوودی هەیە وەکو

یەکەم : شەش ڕۆژ بەڕۆژووبوون لەمانگی شەوال لەگەڵ مانگی ڕەمەزان بەتەواوی پاداشتیساڵێکی بەڕۆژووبونی هەیە .

دووەم : کەموکوڕی و ناتەواوی لەڕۆژووی فەرز تەواو و کامل دەکات ، چونکە لەڕۆژی قیامەتدا کەموکورتی فەرزەکان بەسوننەت تەواو و کامل دەکرێن .

**سێیەم :** ڕۆژووگرتن لەمانگی شەوالدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان قەبوڵ بووە ، چونکە ئەگەر پەروەردگار کاروکردەوەی بەندەیەک وەربگرێت ئەوکات پاش ئەوە مۆفەقی دەکات بۆ کاروکردەوەی چاکەی تر.

**چوارەم :** ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی پێشوو ، وە ڕۆژووگران لەڕۆژی جەژندا پاداشت دەدرێنەوە لەسەر بەڕۆژووبونیان لە ڕەمەزان ، وە دوبارە ڕۆژووگرتنیان لەمانگی شەوالدا شوکرانە بژێری بەندەیە بۆ ئەو پاداشت و بەخششە ، وە چی پاداشت و بەخششێک هێندەی لێخۆشبونی پەروەردگار گەورەو مەزنە؟

٢٠- **لە بیروباوەڕە هەڵەکان:** هەندێك لە خەڵکی باوەڕیان وایە ئەگەر ساڵێك ڕۆژووی شەشەڵانیان گرت ئەوا پێویستە لەسەریان لە هەموو تەمەنیان ڕۆژووی شەشەڵان بگرن!

بەڵکو ڕۆژووەکە سوننەتە، هەرکەسێك ویستی لێبێت دەیگرێت و پاداشتی دەست دەکەوێت، وە پێویست نیە لەسەر کەسێك ئەگەر جارێك لە تەمەنی یان چەند جارێك ڕۆژووی شەشەڵانی گرت بەردەوام بێت لەسەری، وە کەسێکیش وازی لێبێت و نەیگرێت تاوانبار نابێت.

٢١- هەندێك لە خەڵكی باوەڕیان وایە ئەگەر کەسێك ڕۆژووی شەشەڵانی گرت ئەوا نابێت وازی لێبێنێت تا هەر شەش ڕۆژەکە دەگرێت، وە عوزری نییە ئەگەر وازی لێبێنێت!

ئەمە ڕاست نییە، لە فەرموودە هاتووە: "الصَّائِمُ الْمُتَطَوِّعُ أَمِيرُ نَفْسِهِ ، إِنْ شَاءَ صَامَ وَإِنْ شَاءَ أَفْطَرَ " [١]

واتە: کەسێك ڕۆژووی سوننەت بگرێت ویستی خۆیەتی بەردەوام دەبێت یان دەیشکێنێت.

---

[١] رواه الإمام أحمد (٢٦٨٩٣)، والترمذي (٧٣٢)، وصححه الألباني.

کەسێك ڕۆژووی سوننەت بگرێت دەتوانێت بیشکێنێت ئەگەر عوزری هەبێت یان عوزری نەبێت، وە واجبیش نییە لەسەری بیگرێتەوە-لەسەر وتەی تەواو-، بەڵام ئەو پاداشتەی لە دەست دەچێت کە لە فەرموودەکە هاتووە، ئیللا بۆ کەسێك نەبێت کە تەواوی بکات و هەر شەش ڕۆژەکە بەڕۆژووبێت.

٢٢- لەو بیدعانەی لەم مانگەدا هەیە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە: هەندێك لە خەڵکی ئاهەنگ دەگێڕن لە هەشتەم ڕۆژی مانگی شەووال، لە پاش تەواوبوونی ڕۆژووی شەشەڵانیان وە ناوی دەبەن بە جەژنی چاکەکاران (عید الأبرار)!.

ئیبنو تەیمیە (رحمە اللە) فەرموویەتی: هەشتەم ڕۆژی مانگی شەووال جەژن نییە نە بۆ چاکەکاران نە بۆ خراپەکارانیش، بۆ هیچ کەسێکیش دروست نییە باوەڕی وابێت جەژنە وە نابێت هیچ بۆنەیەکی جەژنی بۆ دابنرێت. الاختیارات العلمیة.

٢٣- **یەکێکی تر لە بیدعەکان :** ڕەشبینی و بەشوم زانینی مانگی شەووال بۆ ژنهێنان، عەرەب لە ژنهێنان دەترسان لە مانگی شەووال و ڕەشبین بوون بەرامبەری، ئەوان پێیان وابوو کە ژن دەبێت لەم مانگەدا خۆی لە مێردەکەی بەدوور بگرێت، هەروەکو چۆن حوشترێکی مێینە دەبێت خۆی لە پیتاندن بەدوور بگرێت

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم بیروباوەڕەی پوچەڵ کردەوە و عائیشەی (ڕەزای خوای لێبێت) لە مانگی شەووال مارە بڕی و لە مانگی شەووالیش گواستییەوە.[1]

٢٤- سوننەتە ژنهێنان و گواستنەوەیشی لە مانگی شەووال، وەکو شوێنکەوتنێك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیروباوەڕەی سەردەمی نەفامی، بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنێك ئەو بیروباوەرە بڵاوبوو، بۆیە دایکی باوەڕداران عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) پێی باش بوو ئافرەتان لە مانگی شەووال بگوازرێنەوە. رواه مسلم (١٤٢٣).

---

[1] رواه مسلم (١٤٢٣).

٢٥- **لە بیروباوەڕە پوچەڵەکان:** هەندێك لە خەڵكی بیروباوەڕیان وایە ئەگەر لە بەینی دوو جەژنەکە (جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان) زەواج بکرێت ئەوا یەکێکیان دەمرن، یان جیابوونەوە ڕوودەدات!.

ئەمە بیروباوەڕێکی هەڵە و پوچەڵە، وە بانگەوازی زانینی غەیبە کە کەس نایزانێت تەنها خوای گەورە نەبێت، پێچەوانەی باوەڕبوونیشە بە قەزا و قەردەر، ڕەشبینییەکە کە ڕێگری لێکراوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ عائیشەی (ڕەزای خوای لێبێت) گواستەوە و چووە لای لە مانگی شەوواڵ کە ئەو بیروباوەڕە پوچەڵەی پێ هەڵوەشانەوە.

داوا دەکەین لە خوای گەورە لێمانی وەربگرێت، وە یارمەتیمان بدات لەسەر زیکر و یادی خۆی و شوکرکردنی و جوان عیبادەت کردن بۆی.

والحمد لله رب العالمين.

**برا و خوشکی موسڵمان :**

(ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی)

لە لایەن یەک ستافەوە بەڕێوە دەبرێت ، لە ژێر چاودێری کۆمەڵێک مامۆستای بەڕێز و شارەزای ئەهلی سوننە ، ئەوەی کە بزانین خێر و چاکە و ئێوەی بەڕێز شارەزا دەکات لە حوکمە شەرعییەکان ئێمە ئامادەی دەکەین و بە کورتی و پوختی دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز .

تەنها داواکاری ئێمە لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە : بابەتەکانمان بەکوردی بخوێننەوە و سودی لێ ببینن و بینێرن بۆ هاوڕێ و کەسانی تر بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر سودمەند بن و ئێوەی بەڕێزیش بەشداربن لە خێرەکەی .

تێبینی : هەر بەڕێزێک پێی خۆشە هاوکارمان بێت و یارمەتیمان بدات لە بەرەو پێشچونی کارەکانمان دەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات لە ڕێگەی ئەم لینکەوە

https://t.me/malpariba8